## خزمەتگوزارییەکان

پارێزگای هەولێر لە رووی هەبوونی ئاو لە تۆڕی گشتییەوە پلەی یەکەمی هەیە و 92.2٪ خێزانەکان لە تۆڕی گشتییەوە ئاو وەردەگرن و دوای ئەو دهۆك بە 88٪ پلەی دووەم و سلێمانی بە 85.5٪ بە پلەی سێیەم دێت. تێکڕای هەبوونی ئاو لە تۆڕی گشتی لە هەرێمی کوردستان بریتییە لە 88.5٪ و ئەگەر چاوێك بە تێکڕای ئەم نیشاندەرە لە شوێنەکانی تری عێراق بخشێنین دەبینین کە جیاوازییەکی یەکجار زۆر هەیە و لە شوێنەکانی تری عێراقدا تەنها 60.5٪ ی خەڵك ئاویان لە تۆڕی گشتییەوە بۆ دەستەبەر دەکرێت.

لە بابەتی شێوازی سەرەکیی رزگار بوون لە پاشەڕۆی ماڵان لە رووی هەبوونی تۆڕی گشتییەوە سلێمانی بە 83.1٪ پلەی یەکەم و هەولێر بە 14.7٪ پلەی دووەم و دهۆك بە 5.5٪ پلەی سێیەمیان هەیە. کۆی هەرێمی کوردستان 39.1٪ کە بە بەراورد لەگەڵ شوێنەکانی تری عێراق کە 27.9٪ ە دیسان جیاوازییەکە بەرچاوە.




سەبارەت بە شێوازی تەندروستیی رزگار بوونی ماڵان لە پاشماوەکان، ریزبەندی پارێزگاکانی هەرێم لە کۆکردنەوەی پاشماوە لە بەر دەرگای ماڵان بەم شێوەیەیە: سلێمانی 84.5٪، هەولێر 80.8٪ و دهۆك 79.0٪ و کۆی گشتیی هەرێمی کوردستانیش 81.8٪ ە. ئەم نیشاندەرە لە شوێنەکانی تری عێراق یەکجار کەمە و تەنها 22.1٪ ی پاشماوەکان لە بەر دەرگای ماڵان کۆ دەکرێتەوە و زۆرترین رێژە لە شێوازەکانی رزگار بوون لە پاشماوە لە شوێنەکانی تری عێراق دەگەڕێتەوە بۆ فڕێدانی پاشماوەکان لە شوێنە کراوەکاندا کە بریتییە لە 40.7٪.

هەروەها لە بارەی شوێنی رزگار بوون لە پاشەڕۆ کە تەنها تایبەت بێت بە خێزان و لەناو یەکەی نیشتەجێ بوونیشدا بێت، پارێزگاکان بەم شێوەیە ڕێژەیان بەردەکەوێت: هەولێر 68.0٪، سلێمانی 79.7٪ و دهۆك 87.4٪.

لەبارەی خزمەتگوزاریی کارەبا و سەرچاوە سەرەکییەکانی، سەرچاوەی یەکەمی کارەبا لە هەرێمی کوردستان تۆڕی گشتییە و ریزبەندی پارێزگاکانی هەرێم لە هەبوونی کارەبا لە تۆڕی گشتییەوە بەم شێوەیە: سلێمانی 93.4٪، هەولێر 81.2٪، دهۆك 21.8٪ و کۆی گشتیی هەرێمیش بریتییە لە 70.6٪. تێکرای ئەم نیشاندەرە لە شوێنەکانی تری عێراق بریتییە لە 60.5٪.

## ئاستەنگەکانی گەیشتن بە خزمەتگوزارییەکان

لە رووی هەبوونی خزمەتگوزاریی تەندروستیی سەرەتایی و کاتی پێویست بە گەیشتن بەم خزمەتگوزارییە لە لایەن خێزانەکانەوە، ریز بەندی پارێزگاکانی هەرێم لە پێویست بوونی کەمتر لە یەك کاتژمێر بۆ گەیشتن بە خزمەتگوزاریی تەندروستیی سەرەتایی بریتییە لە: دهۆك 97.0٪، هەولێر 94.3٪ و سلێمانی 93.8٪ و هەروەها کۆی گشتیی هەرێم بریتییە لە 94.7٪ و لە شوێنەکانی تری عێراقیش بریتییە لە 94.0٪.

## ئاستی ڕەزامەندیی خەڵك لە خزمەتگوزارییەکان

ئەنجامەکانی ئەم ڕووپێوە دەریان خستووە کە سەرەڕای باشتر بوونی گوزەرانی خەڵك، بەڵام هێشتا لە رووی تەندرووستییەوە خەڵك پشت بە خزمەتگوزارییە حکومییەکانەوە دەبەستێت. لەم ڕووەوە، لە پارێزگای هەولێر 69.6٪ی خەڵك لە کاتی نەخۆش کەوتنی یەکێك لە ئەندامانی خێزانەکەیان سەردانی شوێنێکی تەندرووستی حکومی دەکەن (چ بنکەی چاودێریی تەندرووستیی سەرەتایی بێت یان بنکەی تەندروستی یان نەخۆشخانەی گشتی)، لە پارێزگای سلێمانی ئەم رێژەیە 77.8٪ و لە پارێزگای دهۆکیش 81.4٪ ە.

هەر لەم ڕووپێوەدا هەوڵدراوە کە رای خەڵك سەبارەت بە باشتر کردنی خزمەتگوزارییەکان لە لایەن حکومەتەوە وەربگیرێت و بۆ ئەم مەبەستەش چەند بژاردەیەك لەبەردەمیان دانرا و بڕیار درا بە پێی ئەولەویەتی خۆیان سێ لەو خزمەتگوزاریانە هەڵبژێرن کە پێیان وایە ئەبێت حکومەت زیاتر هەوڵیان بۆ بدات و پەرەیان پێبدات. بێگومان ئەم دەربڕینانە لە پارێزگاکان جیاوازیان هەبوو ئەویش بە پێی دۆخی تایبەت بە خۆیان. زۆرترین را لەسەر خزمەتگوزاریی کارەبا بوو لە هەرسێ پارێزگادا و دوای ئەویش سیستەمی چاودێری کردنی تەندروستی بە پلەی دووەم دێت لە هەر دوو پارێزگای هەولێر و دهۆکدا و لە پارێزگای سلێمانیش بابەتی دادپەروەری پلەی دووەمی بەدەست خستووە. لە پلەی سێیەمیشدا، لەهەردوو پارێزگای هەولێر و دهۆك داواکاریی خەڵك لەسەر باشتر کردنی بواری پەروەردە لە لایەن حکومەتەوە بەڵام لە پارێزگای سلێمانی سیستەمی چاودێری کردنی تەندرووستی وەکو داواکاریی سێیەمی جەماوەرەوە خۆی دەردەخات. چارتی خوارەوە وردەکاریی تەواو لەسەر بەراوردی ئەم داواکارییانەی خەڵك لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان دەردەخات.

ریزبەندی ئەولەویاتی داواکاریی خەڵك بۆ باشتر کردنی خزمەتگوزارییەکان بە پێی پارێزگا (٪)

